ئوستراليا سەرکەوت بە قۆناغی چارەکی کۆتایی جامی ئاسیا



ئەمە یەکشەممە، هەڤبژاردەی تیپی پی ئوستراليا بە چوار گۆڵ بەرامبەر بە هیچ لە ئیندۆنوسیای بردەوە،بووە یەکەم هەڤبژاردە کە سەرکەوت بە قۆناغی چارەکی پێش کۆتایی جامی نێتەوکانی ئاسیا کە لە قەتەر بەڕێوەدەچێت.

هەڤبژاردەی ئوستراليا بە گۆڵکی پێشوەختە کە لەلایەن "ئەلکان باغوت" یاریزانی ئیندۆنوسیا بە هەڵە لە خولەکی 12 لەخۆیانی کرد پێشکەوتن و "مارتن بێیلی " لە خولەکی 45 بە لەدانی سەر گۆڵی دووەمی بە هەڤبژاردەکەی زیادکرد.

پاشان لە خولەکی کۆتایی یاریيەکەدا "کریج جودوین" لە خولەکی 89 گۆڵی سێیەمی بە هەڤبژاردەکەی تەمارکرد،دواتر "هاری سوتار" لە خولەکی 91دا گۆڵی چوارەمی تەمارکرد.

شایانی باسە ئوستراليا پاڕەوانی ئاسیا بوو لە ساڵی 2015 وڵە قۆناغی کۆتاییدا لە کۆریای باشووری بردەوە .